# شەوێکی ناخۆش ... کارزان گلی

لەدوای راپەرینەوە گەنجێکی زۆر رووی لە هەندەران کردووە، جا هەندێکیان بۆ خوێندن و هەندێکیان لە بەر بژێوی ژیانیان بۆ کار روویان تێکردووە، هەندێکیش هەر چاولێکەریەو بەس. بەهەر حاڵ هەریەك لە ئێمە ئازادە روو لە هەر شوێنێکی ئەم دنیایە بکات، بەلاَم ئەگەر فێری هیچیش نەبین لە ئەوروپا خۆ دەبێت فێری رۆشنبیریەت بین، بۆ ئەوەی گەر هاتینەوە ولاَتەکەمان سوودمان بۆ کۆمەڵگاکەمان هەبێت. بەلاَم بەداخەوە ئێستا زۆربەی گەنجانمان کە لە هەندەران ئەگەرێنەوە جگە لە هەندێك شتی بێمانا و سەیر هیچیتر ناهێننەوە.
دە فەرموون با من بەسەر هاتی گەنجێکتان بۆ بگێرمەوە کە لە هەندەرانەوە هاتۆتەوە کوردستانە حەیاتەکە.
ئێمە وەك و دراوسی ئەرکی خۆمان بەجێگەیاند و چوین بۆ بەخێرهاتنەوەی جەنابی نا موبارەکی، سەرەتا هیچ شتێکی نەبوو وەك هەر خەڵکێکی ئاسایی بەخێر هاتنێکی گەرمی کردین، بەهەر حاڵ حەوت رۆژ تێپەری بەسەر هاتنەوەی ئەو کورە دراوسێیەمان.
شەوێکیان وەك هەموو شەوەکانی تر باروو بارگەم هەڵگرت بۆ سەربان، بەلاَم سەربانی چی خۆزگە هەرنەچوومایە. کات ژمێر (3) شەو بوو بۆ نەگبەتی من ئەو شەوە ئەوەندە خەوم خۆش بوو دەتووت لە بەیانی تا ئێوارە قایەم کێشاوە، هەر ئەوەندەم زانی بوو بە هەراو بەزم هاتوو هاواریکی زۆر، من وام زانی خەوم دیوە بەلاَم کە بە ئاگا هاتم راست دەرچوو.
ئەو کورەی کە بە ناخێری گیانی تازە لە هەندەران هاتبۆوە گەرەکی هەمووی هێنابووە سەر خۆی لە چرکەیەکدا سەد جنێوی بە دایك و خوشك و براکانی دەدا. دراوسێیەکمان داماوە تازە مانگێك بوو ژنی هێنابوو دیاربوو تێکەڵ بە دنیای خەیالاَوی خۆیان ببوون. دراوسێیەکمان هەر لەبەر خۆیەوە پڵتەو بۆڵەی دەهات بابە جیرانیەتی چۆن وا دەبێت بەو شەوە خەوی لەم هەموو خەڵکە تێکدا، دراوسێکمان وای زانی تەقینەوە رووی داوە بەو شەوە، دراوسێیەك وای زانی دزیان هاتۆتە سەر. ئیتر هەر جیرانەو پەلارێکی دەهاوێشت.
کاکی ئەوروپیش هاواری رۆژە ریەك دەرۆی جنێوەکانی هەموو خەڵکی بێزار کردبوو ئەو هەموو جیرانەی تێئالاَبوون کەچی ئەو چەقۆیەکی لە دەست گرتبوو دەیووت دەبی هەر دایکم بکوژم، بە پێنج شەش زەلامی گەرەکەکە گرتیان لە ژوورێك دەرگایان لەسەر (قفل) دا. ماڵی وێران بێت لە ژوورەوەش هەر جنێوی دەدا دەیویست دەرگا بشکێنی، فایدەی نەبوو ناچار خێرخوازێك تەلەفۆنی بۆ پۆلیس کرد دەست بە جی پۆلیس گەیشتە شوێنی مەبەست کاکی ئەورووپیان لە ژووری دەهێنا کاتێك ئەفسەرەکە پیی ووت بەو شەوە خوالیی گۆریوی ئەو هەموو خەڵکەت لەگەڵ خۆت بێزار کردووە ئیتر هەندێك بە توندی قسەی لەگەڵ کرد، لەولاَمدا بەگریانەوە دەیووت من کاتێك لە کوردستان بووم شوێنێك نەبوو لەم ولاَتە تیایدا بحەسێمەوە خاوەنی دوو منداڵم ناچار رووم لە ولاَتی هەندەران کرد لەوێش ئەوە سی ساڵە مافی پەنا بەرێتیم نادەنی بیکارم، لەسەر ئەو هەموو خەمە رۆژێکیان برام تەلەفۆنی کرد پێی ووتم کە برایەگەورەکەت لە موێل کوژراوەو سەریان بریوە، ئیتر بە بیستنی ئەم هەواڵە زۆر حەپەسام ناچار گەرامەوە کوردستان، ئەمشەویش لەگەڵ هاورێکانم چووین بۆ نادی ئەوەندەیان دەرخوارد دام ئەوەندە مەست ببوم نەمدەزانی کۆڵی دڵم بەکی هەڵرێژم تەنها ماڵەوەم بەخەیاڵداهات، بەهەر حاڵ ئەو شەوە راپێچی ناو بەندیخانەیان کرد.

سەیرێکی کاتژمێرەکەم کرد سەعات (5) شەوە خەوم رۆیشتبوو دراوسێکانیش هەمووی وەك خۆم زر خەو ببوون. دایکە بەستەزمانەکەشی بە گریانەوە دەیووت خەڵکی لە هەندەران دێنەوە علم و مەعریفەت دەهێننەوە بە چاوی خۆتان بینیتان کورەکەی من چی هێنابوو. دەك رۆڵە ئاهی ئەو هەموو دراوسێیانەت بتگری کە نەتهیشت بەو شەوە بخەون بەڵام بیرت نەچی پووری بە تایبەت ئەو بووك و زاوا تازەیە کە بەو شەوە ئەو دنیا رۆمانسیەتەی لێیان تێکدا. دوای سی رۆژ رزگاریان کرد لە بەندیخانە بەڵام کاتی گەرایەوە بۆ ماڵەوە وەك بڵێی نە بای دی نە باران. گویی مەدەری کاکی زاوا دیارە قەدەری ئەو شەوەت نەهات بووە.

karzan_ma82@yahoo. com